# لەگەڵ خوا بە با بەختەوەر بیت

[ كردي – كوردى – kurdish ]

احسان بورهان الدين

**پێداچونەوەی :**پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٢ - ٢٠١١

IslamHouse.com

# ﴿ كن مع الله تكن سعيداً ﴾

« باللغة الكردية »

إحسان برهان الدين

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٢ – ٢٠١١

IslamHouse.com

# لەگەڵ خوا بە با بەختەوەر بیت

دووركەوتنەوە لەخوای گەورە ئەشكەنجەو بەدبەختی و.. دۆزەخە

نزيك بوونيش لەخوای گەورە خۆشی و بەختەوەری و.. بەهەشتە

لەگەڵ خوای گەورە ژیان خۆش دەبێت و، دونیا سەرەرای بچووكی و بێ بایەخی دڵگیر دەبێت.

لەگەڵ خوای گەورە مرۆڤ بەو بچووكییەی خۆی لەگۆیژەی گەردونی فراوان.. گەورە دەبێت و بەرز دەبێتەوە.

تاكو لەگەڵ خوای گەورە بیت، دڵنیابە لەوەی بە ئاسودەیی و هێمنی دەژیت و هەموو كاروبارێكت لەبار دەبێت و ڕۆحت بەرەو بەرزایی لە شەقەی باڵ دەدات.

تۆ كە لەگەڵ خوا بیت، كەواتە لە بەهەشتدای، بە هەموو واتایەك ئەو وشەیە هەڵیبگرێت، با بێ پوول و پارەش بیت، وەكو پادشایەكی، ڕوبارەكان بەژێرتدا ڕێ بكەن، با خۆت باخەوانێكیش بیت.

لەگەڵ خوای گەورە دڵت پڕ لە روناكی دەبێت و، زمان و پێنووست وشەی جوانیان لێ دەردەچێت. خورپەو لێدانی دڵت بەردەوام لە هەر كوێیەك بێت هەر (الله.. الله..) دووبارە دەكاتەوە. خوا پەروەردگارمەو خۆشەویستمە و لەدڵمدا هاوەڵی نییە، درووستی كردووم و ڕۆزیم دەدات، دڵم جێگەی خۆشەویستی كەسی تری تێدا نابێتەوە.

چەند ڕۆژێكی خۆشە ئەو ڕۆژەی بە دڵ و گیانت لەگەڵ خوا بیت، لەوكاتە فرمێسكی خۆشی لە چاوەكانت هۆن هۆن دەتكێنە خوار.

الله... الله.

جوانترین ناوو سیفەتی لەخۆگرتووە. لەبەرووبوومەکانی ئەم وشە جوانە ئەوەیە بەرەوئاسمان راتدەکێشێت بە شێواز و ئەندازەیەك کە لە بەرزاییەوە تەماشای دونیا بکەیت و زۆر بە بچووکی دێتە بەرچاوت و، تووشی سەرسورمان دەبیت لەو خەڵکەی کە کەوتونەتە نێو زەلکاوی ئارەزوەکانی نەفسیانەوە. وەکو چۆن هەڵۆیەك لەشەقەی باڵ دەدات و تەماشای چۆلەکە بچوکەکان دەکات کە سەرقاڵی چەند دەنکە گەنمێکن بەچوار دەوریاندا بڵاوبووەتەوەو، لەسەری شەر دەکەن. لەکاتێکدا ئەو دەنکە گەنمانە زیاتر نین لە هۆکارێك بۆ راوکردنیان.

کاتێك دڵ دەدرەوشێتەوەو بەخۆشەویستی خوای گەورە رووناك دەبێتەوە، هەموو شتەکانی بەروونی بۆ دەردەکەون و، ئیتر فریو ناخوات بە کەس و بەزمانی لووس و بروانامەی زل ناخەڵەتێ.

ئەو موسڵمانەی کە دڵی بە خۆشەویستی خوا پر بووەو، پەرۆشە بۆ رۆژی دوایی و.. لەم دونیایەو هەرچیشی کە تێدایە گەورەتر دەبێت.

ئیتر چۆن سوکایەتی بەخۆی دەکات و لەگەڵ گێژەلووکەی ئاژاوەدا دەروات، لەراستیدا بێ ئاگایی لەم واتا مەزنانە وامان لێ دەکات راستیە گەورەکان فەرامۆش بکەین و رێگە بۆ شەیتان خۆش بکەین لە خشتەمان ببات.. ئایا نابینین پاسەوانی بێستان ئەگەر بێستانەکەی پشتگوێ بخات و کەمتەرخەمیی تێدا بکات بەرووبومی باخەکەی دەبنە دەستکەوتێکی ئاسان بۆ دز و چەتەکان.

تۆیش بە هەمان شێوە ئەی ئادەمیزاد، لەوکاتەی لە پاسەوانێتی دڵت غافڵ دەبیت و بایەخی پێ نادەیت، رێگە بۆ شەیتانەکانی مرۆڤ و جنۆکەکان خۆش دەکەیت کە بە ئارەزووی خۆیان یاریت پێ بکەن.

بەزەییت بەخۆتدا بێتەوە پێش ئەوەی پەنجەی پەشیمانی بگەزیت.. بە تێروتەسەلیش لەم واتایانە بیر بکەرەوە، ئینجا قۆڵی لێ هەڵماڵە بۆ گەشتەکەت.. لەگەڵ پەروەردگارت بژی بۆ ئەوەی هەست بە خۆشی و کامەرانی ئەم دونیایە بکەیت، پەنا بە خوا بگرەو هەرگیز بێ ئومێد مەبە... خوای گەورەش باشترین پشت و پەنایە.